ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM

سندوقی پەرەپێدانی پرۆژەکان – ئافرەتان edf w

## پارێزگای سلێمانی

ئاگاداری
هەموو خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لەلایەن IOMـەوە بێ بەرامبەرن.

# هاوکاری دارایی بەبێ سوود خستنەسەر یان پارەلێوەرگرتنەوە

## ئایا خوازیاریت بە دامەزراندن یاخود فراوانکردنی پرۆژەکەت؟

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ هەڵدەستێت بە پێدانی هاوکارییەکی دارایی بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەی بچوک و مام ناوەند.



پێویستە لەسەر ئەو خوازیارانەی کە دەیانەوێت سوودمەندبن لە هاوکاری سندوقی پەرەپێدانی پرۆژەکان – ئافرەتان، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدابێت، بە پێچەوانەوە داواکارییەکانیان پشتگوێ دەخرێت

### مە رج و پێوەرە گشتییەکان:

- پێویستە کار وبزنسەکە لە سلێمانی بێت
- دەبێت لەو پەڕی حاڵەتدا ماوەی جێبەجێکردنی بزنس پلانەکە لە ١٢ مانگ زیاتر نەبێت.
- دەبێت کار و بزنسەکە لە لایەن عێراقییەکەوە خاوەندارێتی بکرێت و بەڕێوەببردرێت.
- ڕێکخراوی (IOM) هانی ئەو بزنسانە دەدات کە جیاواز و ناوازە و کەمن تا داواکاری بۆ وەرگرتنی ئەم هاوکارییە داراییە پێشکەش بکەن.

### ئەم ڕاگەیاندنە ئەمانە ناگرێتەوە:

- بەکارهێنانی پلاستیک بۆ یەکجار، بەڕێوەبردنی کارو پیشەی پزیشکی، مامەڵەکردن بە کەلوپەلی سەربازی یان چەک.
- خزمەتگوزاری خواردن و خواردنەوە، ساڵۆن، و دورین/بەرگدروو.

### مەرج و پێوەرە دیاریکراوەکانی دانانی بزنس-ی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان- ئافرەتان

- توانای نیشاندانی ئەوەی هەبێت کە بەرهەمەکەی لەگەڵ بازار دەگونجێت (بە مانایەکی دیکە، توێژینەوەی کەڵکداری و شیاوەیتی، شیکاری بازار بۆ کار و بزنسەکە و ڕووپێوو و هتد... کردبێت)
- ماوەی دانانی بزنس کە لە ١ تا ١٢ زیاتری پێنەچێت.
- دەبێت پلانی بزنسەکە زۆر بە باشی دڕێژرابێت و ئامادە کرابێت، بەجۆرێک کە ئامادەبێت بۆ وەبەرهێنان.
- دەبێت خاوەنکارزی توانای نیشاندانی ئەوەی هەبێت کە کار و بزنسەکەی چ کەلوپەل، بەرهەم و خزمەتگوزاریانەی بە کریاران دەدات.
- دەبێت خاوەنکارەکان خول و ڕاهێنانی دانانی کار و بزنسیان بینیبێت کە ئەو خولانە لەلایەن (ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان دامودەزگاکانی خول و ڕاهێنانەوە) کراونەتەوە

### مەرج و پێوەرە دیاریکراوەکانی ئەو بزنسانەی کە لە قۆناغی دەستپێکدان- سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان- ئافرەتان

- دەبێت بزنسەکە توانای نیشاندانی ئەوەی هەبێت بە بەخێرای و بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەدەکات (بە مانایەکی دیکە، فیگەر و ژمارەکانی فرۆشتن و گەشەسەندن، پلانی فراوانکردنی بزنس، شیکاری بازاڕ و ڕووپێوی و هتد... هەبێت)
- دەبێت لە ئێستادا بەلایەنی کەمەوە کارمەندێک یان زیاتری هەبێت
- کاتێک ئەو داواکارییە پێشکەشدەکات، دەبێت ئەو کار و بزنسە، بەلایەنی کەمەوە، ماوەی ساڵێک تا سێ ساڵ بووبێت کە لە کاردایە.

### مەرج و پێوەرە دیاریکراوەکانی ئەو بزنسانەی کە لە قۆناغی دوای دەستپێک و قۆناغی دواتر دان- سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان- ئافرەتان

- کاتێک ئەو داواکارییە پێشکەشدەکات، دەبێت ئەو کار و بزنسە، بەلایەنی کەمەوە، ماوەی ساڵێک تا سێ ساڵ بووبێت کە لە کاردایە.
- دەبێت لە ئێستادا ، جگە لە خودی خاوەنکارەکە خۆی، ١ تا ٣٠ی کارمەندی هەبێت.
- دەبێت خاوەنکار ئامادەیی ئەوەی تێدا هەبێت کە خول و ڕاهێنانی سەرکار، بەلایەنی کەمەوە، بۆ ئافرەتێک بکاتەوە کە بەدوای کاردا دەگەڕێت و ماوەی خول و ڕاهێنانەکەش لە سێ مانگ کەمتر نەبێت.

بەرواری پێشکەشکردن لە
٢٠٢٤/١١/٣ تا ٢٠٢٤/١١/٢١

ئەتوانیت پەیوەندی بکەیت بەم ژمارانەوە
07510597003 - 07711544989

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم هاوکارییە داراییە دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی تایبەت بە سندیقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بکەن
edf.iom.int
یان ئەم بارکۆدە سکان بکەن

بۆ بینینی چیرۆکی سەرکەوتنی ژنە خاوەنکارەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕەکانمان بکەن بە سکانکردنی ئەم بارکۆدە

هەموو ئەو خزمەتگوزاری و هاوکارییانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ - IOM و هاوبەشەکانیەوە پێشکەشدەکرێن بەخۆڕایی و بێ بەرانبەرن. دەبێت ڕێکخراوی IOM و هاوبەشەکانی بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هاوڵاتیانە بکەن و خزمەتگوزاریان پێشکەشدەکەن. ئەگەر ڕێکخراوی IOM ۆ هاوبەشەکانی داوای هەر پارەدانێک، کارێکی چاکە یان داوای ئەنجامدانی کارێکی سێکسیان کرد لەبەرانبەر پێدانی خزمەتگوزارییەکان و/یان بێ ڕێزیان بەرانبەر تو یان کەسانی دیکە کرد، تکایە پەیوەندی بە سەنتەری پەیوەندییەکانەوە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی ٨٠٠١٢٥٢٥ هێڵی خۆڕایی و بێ بەرانبەر

سندوقی پەرەپێدانی پرۆژەکان – ئافرەتان

edf w

IOM

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

## پرۆسەی هەڵبژاردنی پرۆژەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان

پرۆسەی هەڵبژاردنی پرۆژەی هاوکاری ماددی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان لە شەش قۆناغ پێکدێت: هەر قۆناغێک مانگێکی دەوێت، ئەگەر پرۆژەکەت بۆ قۆناغی داهاتوو هەڵبژێردرا، کارمەندێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پەیوەندیت پێوە دەکات، ئەگەریش هەڵنەبژێردرایت بە ئیمێڵ پێتان ڕادەگەیێنین.

١ نیشاندانی ئارەزوو ← ٢ پشتڕاستکردنەوەی شوێنی کارەکە ← ٣ داواکاری پێشکەش کردن ← ٤ سەردانکردنی لیژنەی وەبەرهێنان ← ٥ گفتوگۆ و دانوستان ← ٦ هەڵبژاردنی کۆتایی واژووکردنی گرێبەستە

## چۆن کار و بزنسەکان هەڵدەبژێردرێن؟

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سیستەمێکی خاڵپێدان بەکاردەهێنێت کە تێیدا ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن خاوەنکارەکەوە پێشکەشدەکرێن هەڵدەسەنگێندرێن، ئەو کار و بزنسانەی کە زانیاری ڕاست و دروست / پەیوەندیداریان پێشکەشکردووە، ڕیزبەندی بەرزتریان لە خاڵپێدانەکە دەبێت و زیاتر دەرفەتی هەڵبژاردنیان دەبێت.

| پێوەرەکانی هەڵبژاردن | پەیوەندیداربوون |
|---|---|
| ئەو بڕە پارەیەی کە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ داوایکردوە | • دەتوانیت داوای بڕە پارەیەک بکەیت لە نێوان ٦،٥٠٠،٠٠٠ دینار بۆ ٣٩،٠٠٠،٠٠٠ دینار و سەرووی ٣٩،٠٠٠،٠٠٠ دیناریش بۆ حاڵەتە شاز و هۆکارەکان.<br>• ئەو بڕە پارەیەی کە داوا دەکرێت پەیوەندی بە پێویستی ئیش و کار و چالاکییەکانی فراوانکردنی کار و بزنسەکەوە هەبێت.<br>• پلانێکی باش و ڕوون و وردی فراوانکردنی کار و بزنسەکە دەرفەتی هەڵبژاردن زیاد دەکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی بڕی پارەی پێویست و داواکراو بە مەرجێک داواکردنەکە واقیعە ڕەوا بێت. |
| ئەو بڕە پارەیەی کە خاوەنکارەکە خستوویەتیەڕوو کە خۆی بەشداری پێدەکات و دەیخاتە ناوکارەکەوە | • تا بڕی پارە هێنراو لە لایەن خودی خاوەنکارەکە بۆ ناو کارەکە زیاتر بێت، ڕیزبەندی کارەکە لە خاڵپێدانەکە بەرزتر دەبێت. |
| کۆی ژمارەی کارمەندەکانی لە ئێستادا | • پێویستە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە هەیە بە وردی بدرێت چونکە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە قۆناغە جیاوازەکاندا پشتڕاستکردنەوە بۆ ئەوە دەکات.<br>• نابێت لە کۆی ژمارەی کارمەندان خاوەنیکارەکە خۆی هەژمار بکات.<br>• پێویستە خاوەنکار ئەو پۆستانەی کارەکەی بکات کە درێژخایەنن، و هەر تەنیا کاری ئاسایی لەخۆ نەگرێت کە لەسەر بنەمای پێویستی خراوەتە سەرکار. |
| ژمارەی ئەو کارمەندانەی کە پێشنیازکراوە زیاد بکرێن | • ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ئەو داواکاریانە لەبەرچاو دەگرێت کە توانای زۆرتریان هەیە بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر لە بەرانبەر ئەو هاوکارییە ماددییەی کە داوا دەکرێت.<br>• دەبێت پلانی فراوانکردنی کارەکە بنەمایەک بێت بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کارمەندە زیادانەی کە پێویست دەبن، بۆیە تا تێچووی فراوانکردنەکە زیاتر بێت، دەبێت بە شێوەیەکی دروست و واقیعی هەلی کار زیاتر بڕەخسێنێت.<br>• ژمارەی ئەو کارمەندانەی کە دوای تەواوکردنی پلانی فراوانکردن دەخرێنە سەرکار.<br>• دەبێت کارە پێشنیازکراوەکان درێژخایەن بن (لانی کەم دەبێت خستنە سەرکار بۆ ماوەی ١٢ مانگی بن) بەڵام جۆری دیکە خستنە سەرکاریش بەپێی حاڵەتەکان قبوڵکراون.<br>• دەبێت لەڕووی مووچەی فەرمانبەرانی ئێستا و داهاتوو پابەندی پێدانی بڕی کەمترین مووچەی یاسایی بێت. |
| تێکڕای قازانجی مانگانە | • پێویستە خاوەنکارەکە بەوردی باسی تێکڕای قازانجی مانگانەی بکات، چونکە ئەو قازانجە کە بەشێوەیەکی ڕوونتر کار و بزنسە بەدەستیدەهێنێت بەو مانایەیە کە ئەو کار و بزنسە بەردەوامە و توانای فراوانبوونی زیاتری هەیە.<br>• قازانجی مانگانەت بە کەم یان زیاد مەزەندە مەکە چونکە ئەمە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە قۆناغە جیاوازەکاندا پشتڕاستکردنەوە بۆ ئەوە دەکات. |
| بەهای ئەو قەرزانەی کە لەسەرت ماون | • پێویستە خاوەنکارەکان تەنیا باسی قەرزی بازرگانی بکەن.<br>• دەکرێت قەرزەکە لە دابینکەران، خاوەن خانوو، بزنسەکانی تر، بانک و دابینکەری خزمەتگوزارییەکان بێت.<br>• هەبوونی قەرز بەو مانایە نییە کە ناتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت و بەو مانایەش نییە کە تۆ لەبەرچاو نەگیرێت. |
| تەمەنی کار و بزنسەکە بە ساڵ | • چەند ساڵە کار و بزنسەکە کاردەکات. ئەمەش ئیشکردن و بەردەوامبوونی کار و بزنسەکە لەوەتەی لە دامەزراندنیەوە دەگرێتەوە. |
| ساڵانی ئەزموونی خاوەنکار | • ژمارەی ساڵانی ئەزموونی خاوەنکار کە لەو بوارەدا هەیەتی، ئەو ئەزموونەی کە وەک کارمەندێک لە کار و بزنسەکانی تردا بەدەستی هێناوە دەگرێتەوە. |
| باری یاسایی کار و بزنسەکە لەڕووی تۆمارکردنەوە | • پێویستە کار و بزنسەکە لە یەکێک لەمانەی خوارەوە تۆمارکرابێت: وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی تەندروستی و ژووری بازرگانی و ژووری پیشەسازی.<br>• ئەو کار و بزنسەی کە تۆمارنەکراوان هێشتا مافی ئەوەیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی هاوکارییە ماددییەکە و لەبەرچاو دەگیرێن، بەڵام ئەگەر ئەو هاوکارییە ماددییەیان پێبدرێت، ئەوا پێویستە کار و بزنسەکە تۆمار بکەن وەک بەشێک لە پلانی فراوانکردنی کار و بزنسەکە. |
| ڕەگەز کەسی داواکار | • زۆر هانی ئەو کار و بزنسانە دەدەین داواکاری پێشکەشبکەن کە خاوەنەکانیان ژنن و ئەو کار و بزنسانەی خاوەنەکانیان پیاون بەڵام زۆرینەی کارمەندەکانی ژنن. |